# کاریگەری نموونەی فارکە لە بابەتی ڕێزمانی کوردی و مانەوەی لەلای فێرخوازانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان

# أثر انموذج فاك المستند الى انماط التعلم في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية واستبقائها عند طالبات معهد الفنون الجميلة

# *The effect of Farke's Model on Kurdish grammar and its retention among students of the Institute of Fine Arts*

**م.م. ابتهال عباس كاظم الساعدي**(*)
***ebtehal Abbas Kazim Al-Saedi***
***ebtehalabbas222@gmail.com***

**الملخص**

يرمي البحث الحالي التعرف على أثر انموذج فارك في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية واستبقائها عند طالبات معهد الفنون الجميلة، وقد اتبعت الباحثة الأسلوب التجريبي منهجاً للبحث، لما لهذا البحث من طبيعة بحثية تلائم أهداف البحث الحالي، وتكونت عينة البحث من (٦٢) طالبة بواقع (٣٠) طالبة في المجموعة التجريبية التي تدرس على وفق انموذج فارك و (٣٢) طالبة في المجموعة الضابطة التي تدرس على وفق الطريقة الاعتيادية، وكافات الباحثة بين طالبات مجموعتي البحث في المُتغيّرات الآتية : (العمر الزمني محسوباً بالشهور ، درجات الفصل الأول لمادة اللغة الكردية للعام الدراسي السابق ). وأعدت الباحثة اختباراً تحصيلياً مؤلفاً، من (٣٠) فقرة من نوع الاختيار من مُتعدد، وفي ضوء محتوى الموضوعات النحوية والاهداف السلوكية وتأكدت الباحثة من صدقه وثباته، وبعد (١٤)

(*) معهد الفنون الجميلة للبنات/ الدراسة الصباحية.

يوماً تم إعادة الاختبار التحصيلي لاستبقاء المادة، وأوضحت النتائج تفوق طالبات المجموعة التجريبية اللاتي درسن مادة قواعد اللغة الكردية على وفق انموذج فارك على طالبات المجموعة الضابطة اللاتي درسـن المادة نفسـها بالطريقة الاعتيادية في اختبار التحصيل والاسـتبقاء، وقدمـت الباحثة جملة من التوصيات والمقترحات للاستفادة منها وتطبيقها بما يتناسب واهميتها التعليمية والتربوية.
**الكلمات المفتاحية:** الانموذج، فارك، التحصيل، الاستبقاء، قواعد اللغة الكردية، طالبات معهد الفنون الجميلة.

## Abstract

The current research aims to identify the impact of the Farak model on the acquisition of Kurdish language rules and their antecedents among students at the Institute of Fine Arts. The researcher followed the experimental method for this research, given the nature of the research's objectives. The research sample consisted of (62) female students, of which (30) were in the experimental group studying according to the Farak model and (32) in the control group studying according to the traditional method. The researcher studied the following variables: (age calculated in months, grades of the first semester for the Kurdish language subject of the previous academic year). The researcher prepared an achievement test consisting of (30) items of multiple types. Based on the topics of the curriculum and behavioral objectives, the test's validity and reliability were confirmed. After (14) days, the test was administered again. The results showed that the experimental group students who studied according to the Farak model outperformed the control group students who studied in the traditional method in the achievement test for the Kurdish language subject. The researcher provided several recommendations and suggestions to benefit from the research findings and apply them in educational and pedagogical contex ts.

**Keywords:** Farak model, acquisition, retention, Kurdish language rules, students at the Institute of Fine Arts.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی نموونەی فارکە لە بابەتی ڕێزمانی کوردی و مانەوەی لەلای فێرخوازانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، توێژەر شێوازی تاقیکاری لەلێکۆڵینەوەکە بەکارهێناوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەڕووی سروشتی توێژینەوەوە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەگونجێت، نموونەی وەرگیراو تێیدا لە (٦٢) فێرخوازی کچ پێکهاتووە، کە (٣٠) فێرخواز لە گروپی تاقیکاری لەسەر نموونەی (فارك)ن و (٣٢) فێرخوازی دیکەیان لەسەر ڕێگای ئاسایین، توێژەر جیاوازی لە نێوان هەردوو گروپدا لەڕووی گۆڕانکارییەکانییەوە دەکات، وەك (تەمەنی هەژمارکراو بەمانگ و نمرەکانی وەرزی یەکەم لەبابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی ڕابردوو)، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی بەدەستهاتووی ئامادەکردووە، کە لە (٣٠) برگە پێکهاتووە، لەجۆری فرەهەڵبژاردنن، لەڕوانگەی پێکهاتەی بابەتەکی زمانی و ئامانجەوە توێژەر دڵنیایی لەدروستی و جێگیری دەدات، لەپاش (١٤) ڕۆژ دووبارە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان بۆ مانەوەی بابەتەکە ئەنجامدراوە، دەرئەنجامەکانیش پێشکەوتنی ئەو گروپەی کە وانەی ڕێزمانی کوردی بەپێی نموونەی (فارك) دەخوێنن، دەریخستووە بەسەر ئەو فێرخوازانەی کە هەمان بابەت لەسەرشێوازی ئاساییی لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان و مانەوە دەخوێنن، لەکۆتایشدا توێژەر کۆمەڵێك پێشنیار و چارەسەر بۆ سوود بینین و جێبەجێکردنیان دەخاتەڕوو، کە گرنگی خۆیان لەڕێرەوی زانستی و پەروەردەییدا هەیە.


**دەستپێکی وشەکان:** نموونەی (فارك)، دەست، مانەوە، ڕێزمانی زمانی کوردی، فێرخوازانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان.


## بەشی یەکەم

## پێناسەی توێژینەوەکە

### گرفتی توێژینەوەکە:

سەرەڕای گرنگی زۆر و چاودێری بەرز و هەوڵی زۆر لەلایەن توێژەرانەوە لەبارەی فێربوونی زمانی کوردییەوە بەردەوامە، بەڵام هێشتا کێشەکان لەفێربوونیدا ماون، ئەمەش لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا دڵنیایی لەسەر دراوەتەوە و لە هەموویان قورستر ڕێزمانی زمانی کوردییە، زۆربەی فێرخوازان گازندەی لێدەکەن، لەو توێژینەوانەی کە بوونی کێشەکان لە ڕێزمانی کوردی دەسەلمێنێت، بریتییە وەك توێژینەوەکەی (أحمد، ٢٠٢١)، توێژینەوەکەی (عبید، ٢٠٢٤) توێژینەوەکەی (وەیس، ٢٠٢٤) و چەندین توێژینەوەی دیکە، کە کۆدەنگن لەسەرئەوەی کە لاوازی لەبواری ڕێزمانی زمانی کوردی و ئاستی نزمی بەدەستهێنانی هەیە.

توێژەر پێیوایە لە ڕێگای ئەو ئەزمونەی کە لەبواری وانەوتنەوە هەیەتی، کە بەشێکی گەورەی کێشەکان بەهۆی ڕێگای ئاسایی باوەوەیە لەوانەوتنەوە، کە بەپلەی یەکەم پشت بە لەبەرکردن و درکاندن دەبەستێت، ئەو هۆکارانەی کە وامانلێدەکات بچینە نێو ستراتیژیەکان و نموونەکانی

وانەوتنـــەوەی هاوچەرخەوە، بریتییە لە زانینی گەورەترین ئاست لە ستراتیژییەکان و نموونەکانی وانەوتنەوەی چالاك لە پێشکەشکردنی زانینەکان، بەتایبەتی ئەوەی کە ڕۆڵی فێرخواز بەکار دەخات و چالاکی دەکات، نەك تەنها وەرگرتنی زانیارییەکان، بۆیە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بە وەڵامی ئەم پرسیارانە بەستووە:

ئایا بەکارهێنانی نموونەی (فارك) بەپشتبەستن لەسەر شێوازی فێرکردن ئاستی دەستهاتی فێرخوازانی پەیمانگای هونەرجوانەکان لەبابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی باشتر دەکات ومانەوەیان وبەراوردکرنیان بەڕێگا ئاساییەکان؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

پەروەردە کردارێکی ڕێکخراوە و تاك ئامادە دەکات, چونکە ئەو ژیان و کۆمەڵگا و چەرخەی تێیدا دەژین خۆشی دەکات، بەپێی ئەو پرۆگرامەی لەخۆی دەگرێت, کە پێویستە بۆ گەشەکردنی تاك لەڕووی جەستەیی و هزری و ویژدانی و کۆمەڵایەتەیەوە, بەرەو ئاستێکی هاوتای دەبات، کردارەکانی وانەوتنەوە و ڕاهێنان پلان بۆ دانراوە و تاك فێری ئەزموون لەژێر سەرپەرشتی دەزگا زانستییەکاندا و پاشان هاوکاریکردنی لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگا و دام و دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕاگەیاندنەکان دەکات، پشتدەبەستێت بە بنەی پێویستیەکانی تاك و کۆمەڵ و خواستەکانی سەردەم و تازەگەرییەکانی. (عطیة، ٢٠١٠: ٢٥- ٢٦)

پەروەردە بنەمایەکی گرنگە لەبنەماکانی ڕەگەزی مرۆیی ولەڕێگای کرداری پەروەردەییەوە تاکی چالاك وبەتوانا بۆ بەشدارییپێکردنی ئەرێنی لەبەدیهێنانی گەشەی تەواوەتی لەکۆمەڵگا دروستدەکات، هەروەها پەروەردە کاریگەری ڕوونی هەیە لەهاوکاریکردنی تاك لەبارەی خۆ گونجاندنی دروست لەگەڵ ژینگە وپێکهێنانی ئاکار ودروستکردنی کەسایەتیان، لەهەمان کاتێشدا پێکهێنانی نەوەیەکی بەتوانا بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو. (الدلیمی، ٢٠٠٣: ١٢١)

کۆمەڵگا پێویستی بە پەروەردەیە، ئەگەر بیەوی مانەوە تۆماربکات، پیشەی پەروەردەیی لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە بریتییە لە پارێزگاریکردن لەنموونەیەکی پێکهاتووی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ودەزگای زانیاری وبیردۆزی بیروباوەڕەکان بەو پێیەی شێوەیەك بێت لەژیان، واتە پارێزگاریکردن لە کەلتوری شارستانی کۆمەڵگا لەهۆکارەکانی پەروەردەش لە بەدیهێنانی ئامانجەکان بریتییە لەگرنگیدان بەزمان. (البدری، ٢٠٠٩: ١٠١)

زمان بە هۆکارێکی بنەڕەتی دادەنرێت، کە مرۆڤ لەدێر زەمانەوە بۆ لێکگەیشتن بەکاریهێناوە، لەو ڕوانگەیەوە توانیویەتی بیروڕا وئەزموونەکانی ژیان بگوازێتەوە تاکو ببێتە هۆکارێك بۆ بنیادنانی ژیانی تایبەت وبنیاد نانی کۆمەڵگا، بۆیە مرۆڤ پێویستی بە زمانە لەهەموو بوارەکانی ژیان ومەگەر بە وەستانی ژیان زمانیش بوەستێت. (زایر وسماء، ٢٠١٥: ٢٠)

هەروەها زمان پیشەیەکی گرنگی هەیە، وەك گواستنەوەی ڕۆشنبیری، کە گوزارشت لەهەمان بیروباوەڕ دەکات، وەك چۆن (ابن جنی) دەڵێت: پێویستە زمان لەنێوان هەموو گەلاندا

دروستببێت، کە گفتوگۆی پێبکەن، زمان ڕێسا و دەستەواژەی هەیە، کە لەنێوان قسەکەراندا ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت، تاکو ئەوەی بیانەوەی بیدرکێنن، بۆیە زمان هۆکارێکە بۆ پەیوەستبوون لەنێوانیان و هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن و زمان هۆیەکی گرنگە لەمامەڵەکردنی لە نێوان تاك و کۆمەڵ، بەڵکو یەکەم هۆکارە کە گفتوگۆکەران پەنای بۆ دەبەن. (ابو زید، ۲۰۱۳: ۱۵)

زمانی کوردی وەك یەکێك لە زمانە گرنگ و ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی وجیهان بەگشتی بریتییە لەو زمانەی کە خاوەن مێژوویەکی دوور ودرێژە، ئێستا لەسەرئاستی جیهانی پێگە وجێگەیەکی دیار وبەرچاوی هەیە، زیاتر لە چل ملیۆن کەس ئاخافتنی پێدەکەن، زمانی کوردی خاوەن ڕێزمان وئەدەبێکی فراوان ودێرینە دەیان پسپۆڕ وشارەزا وسەدان توێژینەوەی بواری زمانەوانی لەسەر زمانی کوردی ئەنجامدراوە. (عەزیز، ۲۰۱۲: ۱۲۸)

ڕێزمانی کوردی وەك ئەو ڕێزمانەیە، کە پەیکەری ناوەوەی بنیاتی وشەکان وپەیوەندیان لەگەڵ یەکتر لە ڕستەکانی تر بۆ ڕاڤە دەکات، کە هەمان کاریگەری لەپاراستنی زمان بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ڕاست ودروست هەیە. (عبدوڵلا، ۲۰۰۹: ۱۷)

توێژەر وایدەبینێت، کە بەدەستهێنانی ئامانجی خوازراو لەوانە وتنەوەی ڕێزمانی کوردی پێویستی بە نێوەندێك هەیە، تاکو لە ڕێیەوە ئەو زانستە بگوازرێتەوە بۆ فێرخواز، بۆیە لێرەوە پێویستە باشترین هۆکار دەردەکەوێت، کە دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی وتنەوەی وانەی ڕێزمانی کوردی، ئەویش بریتییە لە ستراتیژی یاخود نموونەی وانەوتنەوە، بۆیە پێویستە پێیبوترێت ستراتیژی یاخود نموونەی نوێگەری و ڕێپێوانەکانی بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن لەبواری وانەوتنەوەدا.

توێژەر وایدەبینێت، کە بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان لە وتنەوەی وانەی ڕێزمانی کوردی پێویستی بەنێوەندگیری هەیە، تاکو ئەو زانستە بگاتە فێرخواز، بۆیە لێرەدا پێویستیەك دەردەکەوێت، ئەویش دۆزینەوەی باشترین هۆکارە، کە دەکرێت لەڕێیەوە بتوانرێت ئامانجەکانی وانەی ڕێزمانی کوردی بێتەدی، ئەویش بریتییە لە ستراتیژی یاخود نموونەیی لەوانەوتنەوە، بۆیە پێویستە ستراتیژیەت یاخود نموونە ناو بنرێت، نوێگەری لەپێشکەوتنی بەدەستهێنان لەبواری وانەوتنەودا.

شارەزایی ستراتیژیەکان ونموونەی فێرکردن لەلای مامۆستا وتوانای بەکارهێنانی جۆرا وجۆرە وئەمە بێگومان هاوکاری مامۆستا دەکات، کە کەشێکی گونجاو بۆ جێبەجێکردن دروستبکات، کرداری فێرکردنیش بۆ فێرخواز گونجاو وبەچێژدەبێت، تواناکانی وپەیوەست گیریشە بۆ ژیانی ڕۆژانە وپێویستی وخولیا وئارەزووەکانی داهاتوویان. (مرعي والحيلة، ۲۰۰۲: ۲۵)

لەم دەروازەیەوە توێژەر بڕیار دەدات، کە نموونەی (فارك) بەکاربێنێت، کە پشت بە شێوازەکانی فێرکردن لەکاتی وانەوتنەوە دەبەستێت، بەو پێیەی یەکێکە لەگرنگترین نموونەکانی زانین ودیاریکردنی جۆرەکانی فێرکردن وفێرکراوان، کە لەڕێگایەوە ئەم نموونەیە دەرەکەوێت، کە هەموو فێرخوازێك ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە، کە دەتوانێت لەو ڕێگایەوە پێشوازی لە تێگەیشتن وزانیارییەکان بکات.

## توێژینەوەكە پشت بەم خاڵە گرنگیانەی خوارەوە دەبەستێت:

گرنگی پەروەردە لە دروستكردنی كەسایەتی مرۆڤ، تاكو ببێتە ڕەگەزێكی چالاك لە كۆمەڵگادا.

گرنگی زمان بەو پێیەیی كرۆكی هزرە، كەرەستەی گوزارشتە، تاك لە ڕێگایەوە هزر وسۆز وهەستەكانی پێ گوزارشتدەكات، هەروەها هۆكارێكە بۆ پەیوەندی تاك بەكەسانی دیكەوە.

گرنگی زمانی كوردی، بەو پێیەیی زمانی فەرمییە لەگەڵ زمانی عەرەبی لە عێراق.

گرنگی ڕێزمانی كوردی، بەو پێیەیی هۆكارێكە بۆ بەهێزكردنی زمان ودوركەوتنەوە لە هەڵە لەكاتی گفوگۆ ونووسین ودەبێتە هۆی بەكارهێنانی وشەكان بەشێوەیەكی دروست وڕاهێنان لەسەر بیری پەیوەندی ڕێكوپێك.

گرنگی نموونەكان وستراتیژییەكانی فێركردنی هاوچەرخ، بەو پێیەی هەوڵێكە بۆ گواستنەوەی وانەوتنەوەی ئاسایی بۆ وانەوتنەوەیەك، كە لەگەڵ ئاراستە هاوچەرخەكاندا بگونجێت.

گرنگی پەیمانگای هونەرە جوانەكان لەپێكهێنانی ئاراستەكانی فێرخواز وپێگەیاندنی بەهاو بیروباوەڕیان، كە خزمەتی كۆمەڵگای پێدەكەن، هەروەها ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە پەیداكردنی كارامەیی وئەزموونەكان لەلای فێرخوازان هەیە، سەرای ئەوەی ڕۆڵی لە بەرەوپێش بردن ونەش ونماكردنی كۆمەڵگا هەیە.

ئامانجی توێژینەوەكە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی كاریگەری (فاركە) بەپشتبەست بەشێوازەكانی فێركردن لەبابەتی ڕێزمانی كوردی ومانەوەی لای فێرخوازانی پەیمانگای هونەرە جوانەكان.

## گریمانەكانی توێژینەوەكە:

جیاوازی لە نیشاندەری سەرژمێری لەڕووی ئاستی (٠,٠٥) نییە لەنێوان نمرەی ناوەندی فێرخوازانی گروپی تاقیكارییەكە، ئەوانەی كە ڕێزمانی كوردی دەخوێنن، بەپێی نموونەی (فارك) ونمرەی ناوەند لای فێرخوازانی كۆمەڵەی ئاسایی كە بابەتەكە دەخوێنن بەپێی ڕێگای ئاسایی لە تاقیكردنەوەی...

جیاوازی لەنێوان نیشاندەری سەرژمێری لەئاستی (٠,٠٥) نییە، لەنێوان نمرەی ناوەندی فێرخوازانی گروپی تاقیكاری ئەوانەی كە ڕێزمانی كوردی دەخوێنن، بەپێی نموونەی (فارك) ونمرەی ناوەندی ئەو فێرخوازانەی كە لەگروپی ئاسایی وانەكە دەخوێنن، بەپێی ڕێگای ئاسایی لەمانەوەی بابەتی ڕێزمانی كوردی.

## سنوری توێژینەوەکە:

**توێژینەوەکە ئەم خاڵانە دیاریدەکات:**

فێرخوازانی قۆناغی دووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کچان/ خوێندنی بەیانیانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی بەغداد/ کەرخی یەك.

بابەتەکانی ڕێزمانی نۆ لە کتێبی (خوێندنەوە وئەدەبی کوردی) بۆ فێرخوازانی قۆناغی دوو.

وەرزی یەکەمی خوێندنی ساڵی (٢٠٢٣– ٢٠٢٤).

دیاریکردنی زاراوەکان:

یەکەم: کاریگەری:

لەڕووی زانستیەوە هەریەك لەمانە پێناسەیانکردووە:

العتری (٢٠٠٨) بەوەی: بریتییە لە گۆڕینی خوازراو یاخود نەخوازراو لەلای فێرخواز لە دەرئەنجامی کرداری فێرکردن. (العتري، ٢٠٠٨: ٦)

زایر وسماء (٢٠١٦): بەوەی: بریتییە لەو توانایە یاخود هێزی دەرخستنی ئەنجامی خوازراوی شتێکی کاریگەر، بەو واتایەیی کە خۆی لە دەرئەنجامێکی خوازراو یاخود پێشبینیکراو دەگرێت، یاخود شێوەیەکی دیاریکراو وەبەردەهێنێت بۆتاکی پشکنراو. (زایر، وسماء، ٢٠١٦: ٢٤٩)

پێناسەی ڕێکاری بۆ کاریگەری:

بریتییە لەگۆڕینی زانینی خوازراو، کە لەلای فێرخوازانی گروپی تاقیکاری لە دەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگۆڕاوی داهاتوو (نموونەی فارك) پێوانەدەکرێت بە تاقیکردنەوەی دوای بەدەستهێنان ڕوودەدات.

دووەم: نموونەی (فارك) پێناسەکراوە بەوەی:

لذویخ (٢٠١٦): نموونەیەکە بۆ پۆلێنکردنی فێرخوازان بەپێی خواست و هەڵبژاردنەکانیان، بۆیە ناوی (فارك)ی لێنراوە، نموونەی (فارك) لە چوار شێوەی فێرکاری خوازراو لەلای فێرخواز پێکهاتووە، شێوەی فێربوونی بینراو، شێوازی فێربوونی بیستراو، شێوازی فێربوونی جووڵەکی، شێوازی فێربوونی خوێندنەوەیی، نموونەی (فارك) بە دیارترین نموونەی بەکارهاتوو لەلایەن مامۆستایان بۆ زانین و دیاریکردنی شێوازەکانی فیرکردنی فێرخوازان دادەنرێت. (الذویخ، ٢٠١٦: ١١)

فلیمنج وبونویل (Fleming&Bonwell ,٢٠١٩): بریتییە لەو ڕێگایەی کە فێرخواز پێشوازی زانست وئەزمونەکانی پێدەکات، ڕێگایەکە، کە زانیارییەکان ڕێکدەخات وپاشان چۆنیەتییەکە، کە کۆدەکان تۆمار دەکات وزانیارییەکانی پێوەدەلکێنێت وپاشان زانیارییەکان لە کۆگای زانیارییەکان دەپارێزێت، دواتر زانیارییەکان دەگێڕێتەوە بەو ڕێگایەیی کە گوزارشتی دەربڕینەکانیدەکات. (Fleming&Bonwell ,٢٠١٩ :٣٥)

پێناسەی ڕێکاری بۆ نموونەی (فارك):

بریتییە لە کۆمەڵە ڕێکار و هەنگاوێك, کە توێژەر لە پلانێکی تۆکمەدا شوێنی دەکەوێت بۆ کێشانی هەنگاوی یەك لەدوای یەك و بەڕێوەبردنی کرداری فێرکاری لەناو پۆل لە فێرکردنی کۆمەڵەیەکی تاقیکاری بۆ زانینی کاریگەری نموونەیی لەبابەتی ڕێزمانی کوردی و مانەوەی، کە لە هەنگاوی بەیەکەوە بەستو پێکدێت و دەستپێدەکات لە (شێوازی بینراو و پاشان شێوازی بیستراو و پاشان شێوازی خوێندنەوەیی و پاشان شێوازی جوڵەکی) لە پاش ئەوەش خشتە توانای فێرخوازان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی لای فێرخوازان زیاد دەکات و لەهزریاندا دەیهێڵێتەوە.

## سێیەم: شێوازەکانی فێرکردن:

### لەڕووی زانستیەوە پێناسەکراوە لەلایەن:

کوجك وئەوانەی دیکە (٢٠٠٨) بەوەی: بریتییە لەکۆمەڵە ڕواڵەتێکی زانستی، ودەروونی و هەستپێکراوەیی، بەگشتی لەو ڕێگایانە پێکدێت، کە فێرخوازان فێری ئەو بابەتانە دەبن، کە پەیوەستە بە وانە جیاوازەکانی خوێندنەوە بەشێوەیەکی باشتر وخێراتر لە هۆیەکان وڕێگاکانی دیکە، هەروەها ڕێگای کارلێکیان دەستنیشاندەکات لەگەڵ ژینگەی فێرکردن وخواستەکانی. (کوجك و ئەوانەی دیکە، ٢٠٠٨: ٦٩)

عطیة (٢٠١٦) بەوەی: ڕەفتارێکە لە ڕەفتارەکانی فێرکردن وبەهەمەچەشنی وفرەیی وجیاوازی تایبەت بە پسپۆڕییەکانی فێرخوازان وپێکهاتی دەروونی وهزری وجەستەیی وخواستیانەوەیە، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە شێوەی گونجاو بۆ فێرخواز بریتییە لەو شێوەیەی کە خوازراوترە لای فێرخواز، کە فێری ببێت وبەکارهێنانی باشتر بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خوێندن. (عطیة، ٢٠١٦: ٤٣)

پێناسەی ڕێکاری بۆ شێوازەکانی فێرکردن:

سیفەتی ڕەوشتی تایبەتە بەهەموو فێرخوازێك، کە لەڕێگایەوە دەکرێت زانیارییەکان بەکاربهێنێت وبەبیری بێتەوە بەشێوەیەکی باشتر بەپێی تایبەتمەندی هەر فێرخوازێك وئاستی کارلێکی لەگەڵ ئەو ژینگەیە وئەو هۆکارانەش کە لەخۆی دەگرێت وەك (شێوازی بینراو، شێوازی بیستراو، شێوازی خوێندنەوە، شێوازی جوڵەکی).

چوارەم: ئاستی خوێندن: پێناسەکراوە لەلایەن:

(زایر وسماء، ٢٠١٣): ئاستی سەرکەوتنە، کە فێرخواز لەڕێگای بەکارهێنانی تواناکانیەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان بەکاریدەهێنێت، ئەم سەرکەوتنەش لەڕێگای تاقیکردنەوەوە دیاریدەکرێت. (زایر وسماء، ٢٠١٣: ١٣٥)

رزوقي وضمیاء (٢٠١٧): کۆمەڵە کارامەیی وزانینێکە، کە دەکرێت فێرخواز وەریگرێت لەپاش خستەبەر ئەزموونی پەروەردەی لەبابەتێکی دیاریکراو یاخود چەند بابەتێکی خوێندن، پێوانی توانای فێرخواز نموونەی وەرگرتنی بابەتەکانی خوێندنیەتی وتوانایەتی لەسەر جێبەجێکردنیان لەڕێگای هۆیەکانی پێوانەوە (تاقیکردنەوە). (رزوقي وضمیاء، ٢٠١٧: ٩٩)

## پێناسەی ڕێکارەکی بۆ ئاستی خوێندن:

ئاستی نمرەی کۆتاییە، کە فێرخواز دەستیدەکەوێت لە قۆناغی دووەم لەهەردوو گروپی توێژینەوەکە لەتاقیکردنەوەی ئاستی پاشەکی بۆ بابەتی ڕێزمانی کوردی ئامادەکراو لەلایەن توێژەرەوە بۆ مەبەستی گەڕان ولەپاشانیشدا جێبەجێدەکرێت.

## پێنجەم: مانەوە:

**لە ڕووی زانستیەوە پێناسەکراوە لەلایەن:**

عدس وقطامي (٢٠٠٢): بریتییە لەکرداری مانەوەی بابەتە فێرکراوەکە لە هزردا وئامادەکردنی لەکاتی پێویست بوونیدا. (عدس وقطامي، ٢٠٠٢، ٩٥)

علام (٢٠١٠): بریتییە لە توانای فێرخوازان لەسەر پارێزگاریکردن لە تێگەیشتنەکان وبیرۆکەکان وزانیارییەکان کە خوێندوویەتی لەپاش ماوەیەکی دیاریکراو لەڕێگای تاقیکردنەوەی دەستکەوتەوە. (علام، ٢٠١٠، ٥٢٨).

## پێناسەی ڕێکارەکی بۆ مانەوە:

بریتییە لە ئەندازەی مانەوەی ئەو زانیاریانەی کە ماوەتەوە لە بابەتی ڕێزمانی کوردی لەلای فێرخوازانی قۆناغی دوو (نموونەی توێژینەوەکە)، بەنموونەی نمرەوە، کە فێرخواز لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتوی بەدەستیهێناوە، کە لەپاش ماوەیەکی کەمتر لە دوو هەفتە جێبەجێدەکرێت لەجێبەجێ کردنی یەکەمیدا.

## شەشەم: ڕێزمانی زمانی کوردی:

بریتییە لەکۆمەڵێک بابەت، کە پێویستە بووترێتەوە لە ئەزموونی توێژینەوەکەدا، وەك خوێندنەوەی پەرتووکی ئەدەبی کوردی کە دانراوە بۆ فێرخوازانی قۆناغی دووی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣– ٢٠٢٤).

**بەشی دووەم**

**لایەنە تیۆرییەکان ولێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

**تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری:**

**یەکەم: ئەو تیۆریانەی کە نموونەی (فارك) پشتیپێدەبەستێت:**

## تیۆری بونیادگەری:

کۆمەڵێك فەلسەفەی هاوچەرخ دەرکەوتوون، کە هەریەکەیان بە بنەمایەك دادەنرێن بۆ ڕێگاکانی وانەوتنەوە پشت بەکرداری فێرکاری دەبەستێت، لەو فەلسەفانەش: فەلسەفەی بونیادگەری، کە کۆمەڵێك ڕێگای وانەوتنەوەی لێوەردەگیرێت وکۆمەڵێك نموونەی فێرکاری جۆراوجۆری لەسەر بەندە، گرنگیدان بەم تیۆرە زیادیکرد، لەم کۆتاییانەدا وئەوانەی کە جەخت لەسەر پێویستی فێرخوازان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی واتاکانی بیرۆکەکانیان دەکەنەوە. (العفون ووفاطمة، ٢٠١١: ١٥١)

تایبەتمەندییەکانی تیۆری بونیادگەری:

تەماشــای ئــەو فێرخوازە نــاکات، کە زانیارییــەکان بەنەرێنــی وەردەگرێت، بەڵام هەڵدەســتێت بە کۆششــی بیــری کە خۆی لە کارلێــك دەبینێتەوە لەگــەڵ بابەتەکە و  تواناکانی لەســەر هێنانەوەی ئەزموونەکانی پێشووی کە پەیوەستە بە بابەتەکەوە وبەستنەوەیان بە زانیارییە تازەکانەوە.

فێرخواز خۆی بەرپرسیاریەتی فێربوونی خۆی لەئەستۆ دەگرێت.

ئاســتی تێگەیشــتن لەنێوان تاکەکان جیــاوازە، بەڵکو ئاســتی فێربوون لەخودی تاکەکەشــدا هەر جیاوازە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە.

پرۆگرامی خوێندن کارلێکی فێربوون وهاوکاری گەشــە پێدەدات وچارەسەری کێشەکان دەکات، بەڵکو هەل بۆ گفتوگۆی زانستی لەنێو فێرخوازان دەرەخسێنێت. (عبد الباري، ٢٠١٠: ٢٢٠- ٢٢١)

بونیادگەری بیرورای جیاواز لەبارەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە وفێرکردن وچۆنیەتی جێبەجێکردنی لەپۆلــدا دێنێتــە کایەوە، تاکو هاوڕێك دەبێت لەگەڵ خواســتەکانی پرۆگرامــە جیهانییەکان، کە دەڵێت بیرورای فێرخواز بەفراوان بوونی ئەزموونەکانیان دەگۆڕێت. (شهاب، ٢٠٠٤: ٤٣)

## گرنگی تیۆری بونیادگەری:

تیۆری بونیادگەری دەروونناســی پاڵنەرێکی زانســتی بەهێزی پێدا وبو بە ڕیزبەســتێکی زانستی سەربەخۆ.

جەختی لەسەر وانەوتنەوەیەکی چالاک وفێربوونی ئەرێنی دەکردەوە.

یەکخستنی زانست لە ڕووی مەعریفی ودەروونی وکۆمەڵایەتییەوە.

فێربوونی لەگەڵ ژیاندا تێکەڵکرد وداوای فێربوونی کۆمەڵایەتی دەکرد.

جەختــی لــەوە کردەوە، کــە واتاکانیان لە ڕێــگای تاکەکانەوە بوونیان هەیە، نەک بە شــێوەیەکی سەربەخۆ لە جیهاندا بوونیان هەبێت. (محمد، ٢٠٠٤: ٢٦)

## تیۆری جەشتڵی:

وشــەی (جەشــتڵی) واتە دەســتە یاخود نموونە یاخود هەردووکیان ڕێکخســتن یاخود شێوە، لەنیوەی یەکەمی ســەدەی بیست دەرکەوت، وەك جۆرێك لە ناڕەزایی لەسەر بارودۆخی فکری باوی ئەوکاتە، کۆمەڵێك ئامانج وتیۆری هەیە، لە گرنگترینیان ئەمانەن:

فێربوون پەیوەستە بە تێگەیشتنی هەستەوە.

پەروەردە بریتییە لە ڕێکخستنەوە.

فێربوون دادپەروەری لەگەڵ هەرکەسێکدا دەکات، کە فێری بێت (واتا بیرۆکەی دەداتێت).

بەرچاو ڕوونی.

فێربوونی ڕاستی نە دەکوژێتەوە نە لەبیر دەچێت. (كريمه وجاب الله، ٢٠٢١: ٢١)

## دووەم: گرنگی شێوازەکانی فێربوون:

دەکرێت گرنگی شێوازەکانی فێربوون لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکرێتەوە:

تیۆری شێوازەکانی فێربوون باس لەوە دەکات، کە بڕی فێربوونی تاک زیاتر پەیوەستە بەو ڕاستییەوە، کە ئەزموونە پەروەردەییەکان بەرەو شێوازی فێربوونی خۆی ئاراستە دەکرێن، نەک بە زیرەکی تاکە کەسەکە.

زانینی شێوازەکانی فێربوون یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ ئامادەکردنی بارودۆخی پۆل، کە واتادار وکاریگەر بێت بۆ خوێندکاران.

زانینی شێوازی فێربوونی خوێندکاران یارمەتی مامۆستا دەدات ستراتیژی فێرکردن وفێربوونی گونجاو هەڵبژێرێت، کە بە شێوەیەکی کاریگەر ئامانجەکانی فێربوون بەدەستبهێنێت. (بني عامر، ٢٠١٣)

زانیاری مامۆستایان لەسەر شێوازی فێربوونی خوێندکارەکانیان کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەخشینی زانیاری ولێهاتوویی بە شێوەیەکی کارا وبەدەستهێنانی دەرئەنجامی بەرزی فێربوون هەیە.

زانینی شێوازەکانی فێربوون لە دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان تاکەکان لە شێوازەکانی وەرگرتن وئامادەکردن وڕێکخستنی ئەزموونی پەروەردەیی جۆراوجۆر. (الذويخ، ٢٠١٦: ٨)

شێوەی فارك (VARK):

نموونەی VARK)) بەوەناسراوە، کە ڕێگایەکە لەڕێیەوە فێرخواز پێشوازی لە زانیارییەکان وئەزموونەکان دەکات، ڕێگایەکە کە ئەو زانیاریانەی پێ ڕێکدەخرێت، پاشان ڕێگایەکە، کە کۆدەکان وزانیارییەکانی پێوە دەلکێنرێت، لە کۆگای زانیارییەکاندا دەپارێزرێت، پاشان زانیاری وئەزموونەکان بە شێوەیەک وەردەگرێتەوە، کە نوێنەرایەتی شێوازی دەربڕینی خۆی بکات.

زانراوە، کە فێرخواز باشتر دەبێت، ئەگەر شێوازەکانی فێرکردن لەگەڵ شێوازەکانی فێربووندا بگونجێت (VARK) شێوازێکی پەروەردەیی نییە، بەڵکو ئەو بەشەیە، کە مامەڵە لەگەڵ شێوازە مەعریفیەکان دەکات (تێگەیشتنی هەستیاری)، ئەمەش بەو واتایەیە کە (VARK) سەرنج دەخاتەسەر ڕێگای جیاواز، کە فێرخوازان زانیاری وەردەگرن بە شێوازی جیاواز فێردەبن ویەکێک لە پەسەندکردنەکان ئەوەیە، کە مامەڵە لەگەڵ هاتنە ژوورەوە ودەرهێنانی زانیاری وبیرۆکەکان دەکات (Fleming&Bonwell, ٢٠١٩:١٠).

توانای فێرخواز بۆ لێکدانەوەی شتە هەستیارەکانی دەوروبەری وتێگەیشتنیان لە ڕێگای هەستەکانییەوەیەتی، بەو پێیەی فێرخواز لە (٢٠٪) لەڕێگای بیستنەوە، لە (٣٠٪) لە ڕێگای بینینەوە، لە (٥٠٪) لە ڕێگای بیستنەوە دەیبینن، لە (٧٠٪) لەوەی دەی نوسن ودەیڵێن ولە (٩٠٪) لەوەوە فێر دەبن، کە بەکردار پێیهەڵدەستن. (بدوی، ٢٠١٠: ١٧٤)، نموونەی (VARK) لە چوار شێوازی

سەرەکی پێك دێت، ئەویش:

شێوازی فێربوونی بینین (Visual)

شێوازی فێربوونی بیستن (Aural)

شێوازی فێربوونی خوێندنەوەیی/ نوسینەکی (Read/Write)

شێوازی فێربوونی جووڵەکی (Kinesthetic)

لەڕێگای ئەم چوار جۆرەی (VARK)ەوە پۆلێنی فێرخوازان دەکرێت، بەپێی حەز وخواستەکانیانەوە ئەویش لەڕێگای وەڵامەکانیانەوە بۆ شێوازەکانی فێرکردنی سادە بەم جۆرەی خوارەوە:

١-شێوازی فێربوونی بینراو (Visual): ئەم شێوازە فێرخواز باشتر تێیدا فێر دەبێت، ئەویش لەڕێگای ستایش یاخود وێنە و زانیاری و هێڵکاری و گونجاندن و سەرجەم هێما و بازنە و ڕیزبەندییە هەرەمییەکان... هتد، کە بەکاردێت بۆ نواندنی ئەوانەی کە لە وشەکاندا پێشکەشدەکرێت، هێڵکاری و ماوەی سپی و ناونیشان و دیزاین و ڕەنگەکان گرنگن لە دروستکردنی فێرکردنی واتاداردا، ئەو فێرخوازانەی کە بینینیان لا پەسەندترە زیاتر چاوکراوە دەبن ڕاستەوخۆ بەژینگەکەیان (Fleming&Bonwell,٢٠١٩:٨٥) فێرخواز تایبەتمەندتر دەبێت بەپێی تایبەتمەندییەکانی شێوازی بینین لەکەسانی دیکە، بەمانەی خوارەوە:

فێرخوازی بینین باشتر فێردەبێت لەڕێگای ئەوەی کە دەبینێت.

وێنە ونەخشەکان وشێوەکان باشتر دەبێنێت.

خوێندنەوەی پەرتوکی وێنەییان لا پەسەندترە.

گرنگی بە ڕەنگەکان دەدات.

خاوەن ئەم شێوازە ڕاڤەکردن (فەرموودە)ی وێنەیی وشێوە ڕوونکارییەکان بۆشتەکانی لا پەسەندترە (شواهین، ٢٠١٤: ٢٧).

شێوازی فێربوونی بیستن (Aural): ئەم شێوازە ئەوە تایبەتمەندە، کە فێرخواز لەڕێگای زانیارییە زارەکی وبیستراوەکانەوە باشتر فێردەبێت، فێرخواز بەم ڕێگایە بەشێوەیەکی باشتر فێردەکرێن، لەڕێگای گفتوگۆ وکۆمێنت وخستنەڕووی پاوەرپۆینت وبەریدی ئەلیکترۆنی وچاتەوە لەڕێگای مۆبایل وبۆردی گفتوگۆ وگفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی دیکە لەناو پۆلدا. (Fleming&Bonwell,٢٠١٩:٨٨)، فێرخواز لەسەر شێوازی بیستن بەچەند تایبەتمەندییەك تایبەتمەند دەبێت، لەوانە:

بەشداری گفتوگۆکانی ناوپۆل دەکات.

ئارەزووی ڕاڤە ولێکدانەوە دەکات وحەز دەکات بۆ کەسانی دیکەش ڕاڤەبکرێت.

زۆرجار دەبێتە گفتوگۆکەرێکی لێهاتوو.

زانیاری وئاڕاستەکردنە زارەکییەکانی لاپەسەندترە.

ئەوزانیاریانەی کە بەدەنگی بەرز وبیستن دەیانڵێت ودووبارەی دەکاتەوە باشتر بەبیری دێتەوە. (شواهین، ٢٠١٤: ٢٧)

شێوازی فێربوونی خوێندنەوەیی/ نوسینەکی (Read/Write): لەم شێوازەدا فێرخواز بەشێوەی باشتر فێردەبێت، ئەویش لەڕێگای شێوەی وشەکانەوە، چ لەڕێگای خوێندنەوەبێت یاخود نوسین، فێرخوازان بەم ڕێگایە باشتر فێردەبن لەڕێگای نوسین و بڵاوکراوەکانەوە (هەرشتێك دەق لەخۆ بگرێت)، زۆربەی ئەکادیمی و فێرخوازە سەرکەوتووەکان پەسەندی بەهێزیان بۆ ئەم ڕێگایە هەیە، فێرخوازان گرنگی زۆر و وردیان هەیە لەزماندا و ئەوان سورن لەسەر بەکارهێنانی کۆپلە و لیست و دەق و پەرتووك و نوسین و بڵاوکراوەکان، وشەکانیان لەلا پیرۆزە (Fleming&Bonwell,٢٠١٩:٩٤) ، فێرخواز بەپێی ئەم شێوازە خوێندنەوەیی/ نوسینەکی بەچەند تایبەتمەندییەك تایبەتمەند دەبێت، لەوانە:

نوسینەوەی سەرجەم ئەو زانیاریانەی کە بۆی دەخرێتەڕوو.

کارامەیی زمانەوانی بەرزیان هەیە.

توانای خوێندنەوەی خێرا وتێگەیشتنی زانیارییەکانیان هەیە.

زانیاری وئاڕاستەکردنە نوسراوەکان بەباشتر دەزانن.

کارامەییان لە کورتکردنەوە و نوسین و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە هەیە. (شواهین، ٢٠١٤: ٢٧)

٤- شێوازی فێربوونی جوڵەکی (Kinesthetic): بەواتایەکی دیکە فێرخواز پەیوەستە بە واقیعەوە (ئەزموون) چ لەڕێگای ڕاهێنانکردنەوەبێت یاخود هاوشێوەیی کردن، خاوەنانی ئەم پەیوەستکردنەش کۆمەڵێك هەست بەکاردەهێنن، (بینین ودەستلێدان وتامکردن وبۆنکردن) بۆ چێژوەرگرتن وئەزمون وەرگرتن وفێربوونی شتی نوێ لەژینگەکەیان. (Flemnig&Bonwell,٢٠١٩:١٠٥)، فێرخواز بەپێی ئەم شێوازی جوڵەکیە بەچەند تایبەتمەندییەك تایبەتمەند دەبێت:

لەڕێگای ئەزمونی فیزیاییەوە باشتر فێر دەبێت، وەك جوڵە وکاری دەست ودەستلێدان.

چێژ لەو وانانە وەردەگرێت، کە چالاکی کرداری ودەستی وئەزمونەکان لەخۆدەگرێت.

فێربوونی ڕاستییەکان وەک چارەسەرکردنی کێشە وگەڕان بە باشتر دەزانێت.

فێربووی پەیوەست بەژیانی واقیعەوە لاپەسەندترە.

هەڵدەستن بە هەڵدانەوەی بابەتی خوێنراو بۆ دەستکەوتنی بیرۆکەی بنەڕەتی پێش دەستپێکردن بە خوێندنەوەی دوور ودرێژ. (شواهین، ٢٠١٤ :٢٨)

تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

خشتەی ژمارە (١)

توێژینەوەکانی پێشوو

| ناو وشوێنی توێژینەوەکە | ئامانجی توێژینەوەکە | پرۆگرامی توێژینەوەکە | ژمارەی وەرگرانی توێژینەوەکە | قۆناغی خوێندن | پرۆگرامی خوێندن | گۆڕاوی داهاتوو | گۆڕاوی وابەستە | هۆیەکانی سەرژمێری | کەرەستەکانی خوێندن | دەرئەنجامی توێژینەوەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| عبد الشهيد (٢٠١٨) العراق | کاریگەری بەرنامەیەک لەسەر بنەمای ستراتیژەکانی فێربوون لە دەستکەوتنی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەبواری پێژمان وهەڵوێستیان بەرامبەری | تاقیکاری | (٦١) فێرخواز کوڕ وکچ | پۆلی دووەم | پێژمان | ستراتیژەکانی فێرکردن | - دەستکەوت - ئاراستە | تاقیکردنەوەی تی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ - جیاوازگۆشەی ئەتا - هاوکێشەی مەک جوجان | - تاقیکردنەوەی دەستکەوتنی پێوانەی ئاراستەی فێرخواز بەرامبەر بابەتی نەو | پێشکەوتنی گرووپی تاقیکاری بەبەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێرکردن لەسەر کۆمەڵەی گرووپی کۆنترۆڵ لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتن وپێوانەی بەرامبەر بابەتی پێژمان |

لایەنەکانی سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو:

زانیاری توێژەرەکە لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو یارمەتیدا، کە:

دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە وئامانجەکەی.

ئامادەکردنی کەرەستەکانی توێژینەوەکە وئەنجامدانێکی گونجاو بۆ توێژینەوەکانی ئێستا.

خوێندنەوەی سەرچاوەی پەیوەست بەبابەتەکانی توێژینەوەکە.

هەڵبژاردنی شێوازی ئاماری گونجاو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

سود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی توێژینەوەی پێشوو وئەنجامەکانی لە لێکدانەوەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

بەشی سێەم

پرۆگرامی توێژینەوەکە

**ئەم بەشە پرۆگرامە لەخۆدەگرێت، کە توێژەر لەسەری دەڕوات، لەخوارەوەش خستنەڕووی ئەم ڕێکارانە دەخرێتەڕوو:**

**یەکەم: پرۆگرامی توێژینەوەکە:**

توێژەر پشتی بە پرۆگرامی تاقیکاری بەستووە، چونکە زیاتر گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوەیە.

**دووەم: دیزاینی تاقیکاری:**

توێژەر پرۆگرامی تاقیکاری بە کۆنترۆڵی بەشەکی بۆ دوو گروپی توێژینەوەکە گرتوتەبەر وێنەی (١) ئەو دیزاینە تاقیکارییە نیشاندەدات، کە توێژەر وەریگرتووە.

| گروپ | گۆڕاوی داهاتوو | گۆڕاوی وابەستە | کەرەستە |
|---|---|---|---|
| تاقیکاری | نموونەی فارك | كۆ كر د نە و ە ومانەوە | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی |
| ڕێکخستن | __ | | |

**شێوەی ژمارە (١)**

**دیزایی تاقیکاری بۆ توێژینەوەکە**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ونموونەکەی:**

کۆمەڵگای توێژینەوەکە لەلایەن خوێندکارانی قۆناغی دووەم لە پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان بۆ کچان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤)ی سەر بە پارێزگاری بەغداد دیاریکرا، توێژەر بە ئەنقەست پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کچان/ بەیانیان کە یەکێکە لە پەیمانگاکانی سەر بە بەغداد/ ةبەڕێوەبەرایەتی یەکەمی پەروەردەی کەرخ، مەبەست لە جێبەجێکردنی ئەزموونی ئەم توێژینەوەیە

لەبەر چەند هۆکارێکە, ئەویش: نزیکیی پەیمانگاکە لە شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەرەوە، توێژەریش مامۆستایە لە ستافی پەیمانگای ناوبراو، جگە لە هاوکاریی ئیدارە لەگەڵیدا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٦٧) خوێندکاری کچ لە قۆناغی دووەمدا، دابەشکرابوون بەسەر (٦) بەشدا، ئەوانیش (هونەری پلاستیک، خۆشنووسی و دیکۆرات، دیزاین، بینراو و بیستراو، شانۆ و مۆسیقا بە تەرخانکردنی هەڕەمەکی، بەشی هونەرە جوانەکان بۆ نوێنەرایەتی گروپی تاقیکاری هەڵبژێردرا, لە (٣٢) خوێندکاری کچ پێکهاتبوو، بەشی دیزاین لە (٣٣) فێرخواز کچ, پاشان دوورخستنەوەی قوتابییە کەوتووەکان, کە ژمارەیان (٣) فێرخواز بوو لەهەردوو گروپەکە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەزموونی پێشتریان لەبابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی هەیە، ژمارەیی کۆتایی بۆ نموونەی توێژینەوەکە (٦٢) فێرخواز بوو (٣٠) فێرخوازیان لەگروپی تاقیکاری و (٣٢) فێرخوازی دیکەیان بۆ گروپی تاقیکاریەکەی دیکە.

**چوارەم: یەکسانی خوێندکارانی کچ لە هەردوو گروپی توێژینەوەکەدا:**

**توێژەر پێش دەستپێکی بەتاقیکردنەوەکە سووربوو لەسەر کرداری یەکسانکردنی سەرژمێری گۆڕاوەکان، بەم شێوەیە:**

**خشتەی ژمارە (٢)**

مامناوەندی ژمێریاری، لادانێکی ستاندارد، جیاوازی وبەهای (T)ی حیسابکراو وخشتە بۆ نمرەکانی دوو گروپی توێژینەوەکە (ئەزموونی وکۆنترۆڵ) لە بابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی پێشوو

| کۆمەڵە | قەبارەی نموونەکە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی ستانداردی | جیاوازی | نمرەی ئازاد | نرخی T | | واتایی ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەکی | |
| تاقیکاری | ٣٠ | ٦٧,٠٦ | ٨,٦٠ | ٧٣,٩٦ | ٦٠ | ١,٥٢ | ٢,٠٠ | ئامار گرنگی نییە |
| کۆنترۆڵ | ٣٢ | ٦٣,٢٨ | ١٠,٧٢ | ١١٤,٩١ | | | | |

**خشتەی ژمارە (٣)**

| کۆمەڵە | قەبارەی نموونەکە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی ستانداردی | جیاوازی | نمرەی ئازاد | نرخی T | | واتایی ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەکی | |
| تاقیکاری | ٣٠ | ٢٠٢،٢٠ | ٩،٧٢ | ٩٤،٤٧ | ٦٠ | ٠،٦٥ | ٢,٠٠ | ئامار گرنگی نییە |
| کۆنترۆڵ | ٣٢ | ٢٠٣،٨٤ | ١٠ـ٠٩ | ١٠١،٨٠ | | | | |

**پێنجەم: پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:**

**١ـ دیاریکردنی بابەتی زانستی:**

توێژەر بابەتی زانستی دیاریکردووە، کە بەفێرخوازانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکەی لەکاتی ئەزموونەکە دەڵێتەوە، بریتییە لە نۆ بابەت لەڕێزمانی زمانی کوردی لەکتێبی خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی بڕیاردراو بە فێرخوازانی قۆناغی دووەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣ـ ٢٠٢٤) بڵێتەوە.

**٢ـ داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری:**

لەدواکارییەکانی توێژینەوەکەی ئێستا، ئەوەیە توێژەر ئامانجی ڕەفتاری بۆ هەر بابەتێك لەبابەتەکانی ڕێزمانی زمانی کوردی دابڕێژێت، کە لەماوەی ئەزموونەکە دەیڵێتەوە، لەبەرئەوە توێژەر لە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری پۆلێنکردنی بلومی لەبواری مەعریفی وەرگرتووە، ئاستەکانی ئەو بوارە (بەیادهێنانەوە، تێگەیشتن و جێبەجێکردن)ی لەخۆگرتووە، کۆییەکەی گەیشتووە بە (٨٣) ئامانجی ڕەفتاری، خستویەتییە بەردەستی کۆمەڵێك لەشارەزایان و داوەران لەپرۆگرامەکان و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، هەر بۆئەوەی دید و بۆچونیان سەبارەت بەڕاستی داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری بخەینەڕوو، هەروەها سەبارەت بە گونجاوی ئاستی مەعریفی و ڕادەی گشتگیری بۆ ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن و گونجاوی بۆ قۆناغی خوێندن.

**٣ـ ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:**

ئامادەکردن وپلاندانان پایەیێکی بنەڕەتی پرۆسەی پەروەردەییە، گرنگییەکەی لەدیاریکردنی ڕوون ورەوانی ئاڕاستەی کارکردن لەنێو بارودۆخە دیاریکراوەکانی ئەو پرۆسەیەیە، کە بریتین لە فێرخواز ومامۆستا وپرۆگرام، یارمەتی مامۆستا لەسەر دیاریکردنی ئاستی فێرخوازیەکان وزانینی شارەزاییان وتوانایان دەدات، لەنێوانیاندا جیاوازی ئەو ئاستەنەدا، هەروەها گونجان لەنێوان توانا وئاستیان لەلایەك وبابەتی خوێندن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو لەلایەکی دیکەوە. (جابر واخرون، ٢٠١١: ٢٩٨)، لەبەر ئەوە توێژەر پلانی فێرکردنی پەیوەست بە فێرکردنی کۆمەڵەی ئەزموونی ڕێزمانی کوردی بەپێی نموونەی (فارك) ئامادەکردووە، هەروەها پلانی فێرکردنی پەیوەست بە فێرکردنی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوی هەمان بابەت بەپێی ڕێگای ئاسای ئامادەکردووە، توێژەر هەردوو نموونەی لەو پلانە خستووەتە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕان لەزمانی کوردی و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی و عەرەبی بۆ خستنەڕووی دید و بۆچوون و تێبینی و پێشنیارەکانیان بەمەبەستی چاکترکردنی داڕشتنی ئەو پلانە، وایانکردووە ڕاست و دروستبێت و سەرکەوتنی ئەزموونەکە دەستەبەربکات، لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامدانی هەموارکردنەوە پێویستەکانی پسپۆڕەکان لەسەر پلانەکە، بۆ جێبەجێکردن ئامادەیە.

**شەشەم: کەرەستەکانی توێژینەوەکە:**

توێـژەر هەسـتاوە بـە ئامادەکردنـی تاقیکردنـەوەی دەسـتکەوتی پێکهاتوو لـە (٣٠) بڕگە لەجۆری تاقیکردنەوەی چەندێتی چوار بەدیلی بەو پێیەی ئەم تاقیکردنەوەیە زیاتر بەربڵاوە لە پێوانی دەستکەوتی.

## حەوتەم: ڕەوایی تاقیکردنەوە:

## توێژەر دووجۆر ڕەوایی بەکارهێناوە، ئەویش:

ڕەوایـی ئاشـکرا: ڕەوایـی ڕواڵەتـی تاقیکردنەوەکە، بە پێشکەشـکردنی بۆ کۆمەڵێک پسـپۆڕ وپسپۆڕی بواری زمانی کوردی وشێوازەکانی وانەوتنەوە پشتڕاستکراوەتەوە.

ڕەوایـی نـاوەڕۆك: لەو کارانەی کـە توێژەر پشتیپێبەسـتووە لە ڕەوایی تاقیکردنـەوە بریتییە لە ئامادەکردنی خشتەی مواسەفات بۆ زانینی ئاستی نواندنی بڕگەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکە وئامانجی ڕەفتاری وپاشان بەدەستهێنانی ڕەوایی ناوەڕۆکەکە بۆ تاقیکردنەوەکە.

هەشتەم: بەکارهێنانی گەڕان بەدوای ئامرازی توێژینەوەکە(تاقیکردنەوەکە) : بەمەبەستی زانینی ئەو ماوەیەی کە وەڵامی تاقیکردنەوەی پێ دەچێت، و قورسـی بڕگەکانی و هێزی جیاکردنەوەیی و کارامەیی گۆڕینی هەڵەکان، و ئاشکراکردنی ناڕوونیەکان تێیدا، توێژەرەکە بۆ نموونەیەکی ڕاپرسی بەکاریهێناوە، کە نوێنەرایەتی خودی دانیشتوانی توێژینەوەکە دەکات، کە ژمارەیان (٣٠) فێرخوازە، لـە فێرخواز کچی پەیمانگای هونەرەجوانـەکان، دەرکەوت کە بڕگەکان ڕوونە و ناڕوونی تێیدا نییە لەلای فێرخوازان و توێژەر گەیشت بەوەی کە ناوەندی وەڵام دانەوە (٣٥) چرکە دەخایەنێت.

شـیکاری ئاماری بابەتەکانی تاقیکردنەوەی دەسـتکەوت: بۆ مەبەسـتی زانینی ئاسـتی سـەختی هـەر بابەتێـک لە تاقیکردنەوەکـەدا، بەهێـزی جیاکارییەکـەی و کاریگەریی بەدیلەکانـی، توێژەر تاقیکردنەوەکەی بۆ نموونەیەکی ڕاپرسی بەکارهێنا, کە پێکهاتبوو لە (١٠٠) فێرخوازی کچ لە قۆناغی دووەم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان, دوای ڕاسـتکردنەوەی وەڵامەکان، نمرەکانی خوێندکاران بە ڕیزبەندی دابەزین ڕێکخران و بەرزترین و نزمترین (٢٧٪) نمرەکان هەڵبژێردران، وەک باشترین ڕێـژەی هاوسـەنگی لە نێوان دوو گرووپی جیاواز لە کۆی گرووپەکـە هەڵبژێردرا، ئەمانەی خوارەوە ڕوونکردنەوەیەکن بۆ ڕێکارەکانی شیکاری ئاماری بابەتەکانی تاقیکردنەوەکە:

قورسی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە: توێژینەوەکە دەریخستووە، کە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە ئەوانەی ئاستی قورسیەکەی (٠,٠٢) و (٠,٠٨) باشترین بڕگەن. (الخیاط، ٢٠١٠: ٢٥١)، بۆیە توێژەر یاسای مامەڵەی قورسـی لەسەر هەر بڕگەیەك لەبڕگە تاقیکردنەوەییەکان جێبەجێکردووە، دەرکەوت ئەوەی نرخەکەی لەنێوان (٣٠،٠-٧٠،٠) واتای ئەوەیە، کە سەرجەم بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسەندە.

جیاکردنـەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە: لەپاش ئەژمارکردنی هێزی جیـاکاری هەربڕگەیەك لەبڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەسـتکەوتی پاشـەکی، دەرکەوت کە لەنێوان (٠,٦٧-٠,٣٢) وە ئەم نرخە پەسـەندکراوە، ئیبیـل (Eble,١٩٧٢) وای دەبینێـت، کە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دروسـتە، ئەگەر

هاتوو هێزی جیاكارییەكەی (٠،٢٠) وزیاتر بێت. (Eble,١٩٧٢,p:٤٣)

گاریگـەری جێگـرەوە هەڵـەكان: دوای هەژماركردنی كاریگەریی جێگـرەوە هەڵەكان بۆ هەر بابەتێكی تاقیكردنەوەی ئیختیاری بە بەكارهێنانی هاوكێشەی كاریگەریی جێگرەوەكان، توێژەر بۆی دەركەوت، كە جێگرەوەكان سنووردارە لە نێوان (٠،١٥-٠،٢٦) وئەمەش بەو واتایەیە كە جێگرەوە هەڵەكان زیاتر فێرخوازانی لە گروپی نزمدان ڕاكێشاوە لەچاو ئەو فێرخوازانەی كە لە گروپی باڵان، لەسەر ئەم بنەمایە توێژەر جێگرەوەكانی هێشتەوە بەبێ هێچ گۆڕانكارییەك.

نۆیـەم: جێگری تاقیكردنەوەكە: توێژەر جێگیری تاقیكردنـەوەی هەژماركردووە بەبەكارهێنانی ڕێگای بەشـكردنی نیوەیی، بەبەكارهێنانی مامەڵەی پەیوەسـتی بیرسـون مامەڵەی جێگری لەنێوان دوو نێوەدا دەركەوت وئەندازەكەی (٠،٧٨) بوو، پاشـان بە هاوكێشـەی (سیبرمان– براون) ڕاست كرایـەوە، گەیشـتە (٠،٨٨) ئەمەش وەك مامەڵەی جێگری بەپێی تاقیكردنـەوەی ڕێك نەخراو، بۆیە تاقیكردنەوەكە بۆ جێبەجێكردن ئامادەبوو.

دەیەم: جێبەجێكردنی تاقیكاری:

توێژەر تاقیكردنەوەكەی لەسـەر هەردوو گروپی (تاقیكاری و ڕێكخستن) جێبەجێكرد، لەڕۆژی یەكشەممە ڕێكەوتی (٨/ ١٠/ ٢٠٢٣) تا ڕۆژی یەكشەممە ڕێكەوتی (٢٤/ ١٢/ ٢٠٢٣).

توێژەر تاقیكردنەوەی دەسـتكەوتی لەسـەر هـەردوو گروپی توێژینەوەكە لەڕۆژی یەكشـەممە ڕێكەوتی (٢٤/ ١٢/ ٢٠٢٣) جێبەجێكرد.

بـۆ پێوانـی مانـەوە (پارێزگاری)كردن لـە بابەتی ڕێزمانـی زمانی كوردی توێژەر هەسـتا بە دووبارەكردنـەوەی جێبەجێكردنەكـە جارێكـی دیكە لەسـەر فێرخوازانی توێژینەوەكـەی لەڕۆژی یەكشەممە ڕێكەوتی (١/ ٧/ ٢٠٢٣) ولەپاش تێپەڕینی (١٤) ڕۆژ لە جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەكە بۆ جاری یەكەم وبەبێ ئاگاداری فێرخوازانی هەردوو گروپ بەكاتی تاقیكردنەوەكە.

یازدە: هۆیە ئامارییەكان:

توێژەر پرۆگرامی ژمێریاری (spss)ی لەشیكردنەوەی دەرئەنجامەكان بەكارهێناوە.

بەشی چوارەم

یەكەم: خستنەڕووی دەرئەنجامەكان:

تیـۆری یەكـەم: لەڕووی ئامارییـەوە جیاوازی نییە لەئاسـتی (٠,٠٥) لەنێـوان ناوەندی نمرەی دەستكەوتی گروپی تاقیكاری ئەو فێرخوازانەی كە ڕێزمانی زمانی كوردی دەخوێنن بەپێی نموونەی (فارك) وناوەندی نمرەی دەسـتكەوتی ئەو فێرخوازانەی كـە ڕێزمانی زمانی كوردی بەپێی ڕێگەی ئاسایی لەتاقیكردنەوەی دەسكەوتی پاشەكی دەخوێنن.

لەپاش جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەی دەستكەوتی پاشەكی بەسەر فێرخوازانی هەردوو گروپی توێژینەوەكە و چاككردنەوەی وەڵامەكان، ناوەندی ژمێریاری دەركراو و نمرەی ناوەندی فێرخوازانی گروپـی تاقیكاری (٢٠,٠٦) بوو، بە لادانی سـتانداردی (٢,٨١) بوو، لەكاتێكدا فێرخوازانی گروپی

ڕێکخراو نمرەی ناوەندیان (١٥،٩٠) بەلادانی ستانداردی نرخی (٤،٦١) بوو، لەکاتی بەکارهێنانی (T-test) بۆ هەردوو نموونەکە سەربەخۆکە بۆ پێوانی نێوان ئەم دوو ناوەندییە، دەرکەوت کە نرخی (تائی) هەژمارکراو گەیشتە (٤،٢٤) لەکاتێکدا نرخی (تائی) خشتەی (٢) لەئاستی گرنگی گەیشتە (٠،٠٥) بەنمرەی ئازادی (٦٠) لەکاتێکدا نرخی (تائی) هەژمارکراو گەورەتربوو لە نرخی (تائی) خشتەیەکە بۆیە یەکەم گریمانەی سفر دەسەپێنرێت، قبوڵکردنی گریمانە بەدیلەکە کە بوونی ئامارییەکی بەرچاو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە نێوان دوو گروپی توێژینەوەکەدا هەیە، لە بەرژەوەندی ئەو گروپە تاقیکارییەی کە توێژینەوەی لەسەر کراوە بەپێی نموونەی (فارك) و خشتەی ژمارە (٥) ئەوە دەرەکات:

**خشتەی ژمارە (٤)**

مامناوەندی ژمێریاری، لادانێکی ستاندارد، جیاوازی وبەهای (T) حیسابکراو وخشتە بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی دوای دەستکەوت بۆ دوو گروپەکە (تاقیکردنەوە وکۆنترۆڵ)

| کۆمەڵەکە | قەبارەی نموونە | ناوەندی هەژماری | لادانی ستانداردی | جیاوازی | نمرەی ئازادی | نرخی T | | واتایی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەکی | |
| تاقیکاری | ٣٠ | ٢٠،٠٦ | ٢،٨١ | ٧،٨٩ | ٦٠ | ٤،٢٤ | ٢ | واتای ئاماری |
| ڕێکخراو | ٣٢ | ١٥،٩٠ | ٤،٦١ | ٢١،٢٥ | | | | |

ب- گریمانەی دووەم: لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە ئاستی (٠،٠٥) نییە لەنێوان نێوەندی نمرەی فێرخوازانی گروپی تاقیکاری ئەوانەی کە ڕێزمانی زمانی کوردی بەپێی نموونەی (فارك) دەخوێنن، ناوەندی نمرەی فێرخوازانی گروپی ئاسایی ئەوانەی کە بابەتەکە بەپێی ڕێگای ئاسایی لەمانەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی دەخوێنن.

لەپاش جێبەجێکردنی تاقیکاری دەستکەوتی پاشەکی بۆ پێوانی مانەوە (پارێزگاری) فێرخوازان بە چاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی تێنوسی تاقیکردنەوە و دانانی نمرە لەسەریان، ناوەندی هەژماری دەرکراو و ناوەندی نمرەکانی فێرخوازانی تاقیکاری (٢٠،٤٠)بوو، بەلادانی ستانداردی ئەندازەکەی (٢،٦٣)بوو، لەکاتێکدا نمرەی ناوەندی فێرخوازانی گروپی ڕێکخراو (١٥،٨٧) بوو بەلادانی ستانداردی ئەندازەکەی (٣،٦٤)بوو، لەکاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ هاوسەنگکردنی نێوان ئەم دوو ناوەندییە، دەرکەوت کە نرخی (T) هەژمارکراو گەیشتە (٥،٥٧) لەکاتێکدا نرخی (T) خشتەی ژمارە (٢) گەیشتە (٠،٠٥) لەلای ئاستی ئاماژەیی و بەنمرەی ئازادی (٦٠) و کاتێکدا کە نرخی (T) هەژمارکراو گەورەتربوو لە نرخی (T) هەژمارکراو، بۆیە گریمانەی سفری یەکەم دەسەپێنردێت، گریمانە بەدیلەکە کە جیاوازییەکی ئاماری

بەرچــاوی لە نمرەکانی مانەوەدا هەیە وەرگیراوە لەبەرژەوەندی گروپی تاقیکاری ئەوانەی کە بەپێی نموونەی (فارك) وانەیان خوێندووە، خشتەی ژمارە (٥) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (٥)**

مامناوەنــدی ژمێریاری، لادانێکی ســتاندارد، جیاوازی وبەهای (T) حیســابکراو وخشــتەی بۆ نمرەکانی تاقیکردنەوەی دوای دەستکەوت بۆ دوو گروپەکە (تاقیکردنەوە وکۆنترۆڵ)

| کۆمەڵەکە | قەبارەی نموونە | ناوەندی هەژماری | لادانی ستانداردی | جیاوازی | نمرەی ئازادی | نرخی T | | واتایی ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەکی | |
| تاقیکاری | ٣٠ | ٢٠،٤٠ | ٢،٦٣ | ٦،٩١ | ٦٠ | ٥،٥٧ | ٢ | واتایی ئاماری |
| ڕێکخراو | ٣٢ | ١٥،٨٦ | ٣،٦٤ | ١٣،٢٤ | | | | |

## دووەم: ڕاڤەکردنی دەرئەنجام:

لەبــەر ڕووناکــی ئــەو دەرئەنجامەی کە توێژەر پێیگەیشــتووە دەتوانین بڵێیــن، کە نموونەی (فارك) ئاســتێکی باشی بەدەســتهێناوە ئەمەش بەپێشــکەوتنی گروپی تاقیکاری کە وانەیان خوێندووە بەپێی نموونەی (فارك) بەسەر گروپی ڕێکخراو، کە بە ڕێگای ئاسایی وانەکەیان خوێندووە، دەتوانین هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵەی تاقیکاری بەسەر کۆمەڵەی ڕێکخراودا بگەڕێنینەوە بۆ ئەم هۆکارانە:

نموونــەی (فــارک) یەکێکە لەو شــێوازە مۆدێرنانەی کــە فێرخوازانی کچان پێی ئاشــنان نین، بەڵام ســەرنجی ڕاکێشــان وئارەزووی فێربوونیان زیادی کرد ولە ئەنجامدا زیادبوونی دەســتکەوت ومانەوەی زانیاری دەرکەوت.

نمونەی (فارک) لە جۆراوجۆری چالاکیە پەروەردەییەکان بەشــداریکرد، وایکرد کە فێرخواز بتوانێت بەرپرسیاریتی جێبەجێکردنیان لە وانەکەدا لە ئەستۆ بگرێت.

نموونەی (فارك) یارمەتی بەکارهێنانی فیدباکیدا، ئەمە بە ئاڕاســتەکردنی پرسیاری ڕاستەوخۆ، سەرەڕای تاقیکردنەوەکان وپێشکەوتنی گروپی تاقیکاری.

ڕوودانــی کارلێــك لەنێوان فێرخــواز وقوتابخانــە، ئەمــەش لەدەرئەنجامــی فراوانبوونی ڕاڤە وڕوونکردنەوەی بیروڕا پەیوەستەکان بە بابەتی خوێندن لەکاتی جێبەجێکردنی ئەو شێوازە.

## سێیەم: دەرئەنجامەکان:

## توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

نموونەی (فارك) سروشتی حەز لێبوون وپشتبەستن بە دەروونی زیادکرد لەلای فێرخواز.

نموونەی (فارك) فێرخوازن ئاڕاســتەدەکات بۆ گرنگی دان وجەختکردن لەســەر وەرگرتنی ئەو واتایەیی کە دەبێتە هۆی تێگەیشتن، چونکە شێوازەکانی فێربوونی جیاوازیان هاوتا دەکات.

نموونەی (فارك) فێرخوازان دەکاتە سەنگەرێکی زانستی فێرکاری وئەمەش ئەوەیە، کە ئاڕاستە نوێیەکان بۆ وانەوتنەوە بانگەشەی بۆ دەکەن.

نموونەی (فارك) لە نموونەی وانەوتنەوەی هاوچەرخ، کە گرنگی فێرخوازان دەجولێنێت بەرەو فێرکردن وبابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیان لا خوشەویستر دەکات.

## چوارەم: داواکارییەکان:

پێویستی گرنگی دان بە مامۆستایانی زمانی کوردی ونموونەی وتنەوەی وانەی هاوچەرخ لەوانەش نموونەی (فارك) بە پشتبەستن بە شێوازەکانی فێرکردن تاکو ئەم نموونەیە کرداری فێرکردن ئاسان بکات لەڕێگای لەبەرچاوگرتنی تاکڕەوی لەنێوان فێرخوازان وهەست وخواستیان وچێژی هەبێت بۆیان.

بەشدارپێکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی لە خولی ڕاهێنانەوە بۆ فێربوونی ستراتیژی ونموونە هاوچەرخەکان لەوانەش نموونەی (فارك).

هاندانی مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ بەکارهێنانی نموونەی (فارك)، بەو پییەی دەرئەنجامی ئەرێنی بەدەستدەهێنێت بۆ فێرخوازان وبابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی لای فێرخوازان دەهێڵێتەوە.

## پێنجەم: پێشنیارەکان:

ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ بەراوردکردنی نموونەی (فارك) لەگەڵ نموونەکانی دیکە، وەك نموونەی سەرژمێری خولی.

ئەنجامدانی توێژینەوەی تاقیکاری هاوشێوەیی، وەك ئەم توێژینەوەیە بۆزانینی کاریگەری نموونەی (فارك) لە گۆڕانکارییەکانی دیکەدا، وەك ئاڕاستە وحەز، گەشەپێدانی چەمکەکانی ڕێزمانی زمانی کوردی.

ئەنجامدانی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

## سەرچاوە کوردییەکان:

عەبدوڵڵا، ژوان دڵشاد (٢٠٠٩)، بەکارهێنانی ستراتیژیەتی نەخشەی چەمکەکان لە پرۆسەی فێرکردندا، چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی ئەلەند.

عەزیز، کەریم ئەحمەد(٢٠١٢)، پرۆگرامی پەروەردیی، سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند.

وەیس، مروە عەلی(٢٠٢٤)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی گەڕان بەدوای نیوەکەی دی لەسەر دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، نامەی ماستەری پڵاو نەکراوەتەوە، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی بەغداد.

ئەلمەرسومی، مەیسا عەلی کازم (٢٠٢٣)، کاریگەری ستراتیژییەتی لیستە چڕەکان لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە وئەدەبی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، ماستەر

نامـەی پڵاو نەکراوەتـەوە ، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕۆشـد بۆ زانسـتە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی بەغداد.

## سەرچاوە عەرەبییەکان


الدليمي، طه علي حسـين وسعاد الوائلي (٢٠٠٣)، الطرائق العلمية في تدريس اللغة العربية، دار الشروق لنشر، عمان، الاردن.

ابو زيد، سـالم عطية (٢٠١٣)، الوجيز في اسـاليب التدريس، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.

احمـد، مهابـاد عبد الكريم (٢٠٢١)، إثر اسـتراتيجة رأفت في تحصيل طالبـات الصف الخامس الادبي في مادة قواعد اللغة الكردية وميولهن نحو المادة، بحث منشـور في مجلة كلية التربية، الجزء الأول العدد (٢٧).

البدري، فوزية الحاج علي (٢٠٠٩)، التربية بين الاصالة والمعاصرة مفاهيمها- أهدافها – فلسفتها، دار الثقافة، عمان.

بدوي، رمضان مسعد (٢٠١٠)، التعلم النشط، دار الفكر للنشر، عمان.

بنـي عامر، مؤمـون (٢٠١٣)، الانماط والذكاءات لها كل الاهتمامات. تم الاسـترداد من مدونات Blogger، موقع الرابط:

html.٦٤٨٢_http://moradmohammad.blogspot.com/p/blog-page

جابر، وليد احمد، والسـعيد، سـعيد محمد، واحمد، أبو السـعود محمـد (٢٠١١)، طرق التدريس العامة تخطيطها وتطبيقاتها التربوية، ط٤، عمان: دار الفكر.

الخيـاط، ماجد محمد (٢٠١٠)، أساسـيات القيـاس والتقويم فى التربية، عمان: دار الراية للنشـر والتوزيع.

الذويخ، نورة صالح(٢٠١٦)، أنماط التعلم نموذج فارك VARK.

رزوقـي، رعد مهـدي وضمياء سـالم داود (٢٠١٧)، "التدريـس وأهدافـه»، ط١، دار كلكامش للطباعة والنشر، بغداد، العراق.

زاير، سـعد علي، وداخل، سـماء تركي، وعيسـى، عمار جبار، وفيصل، منير راشـد (٢٠١٣)، الموسوعة الشاملة- استراتيجيات وطرائق ونماذج وأساليب وبرامج، ج١، عمان: دار المرتضى.

زاير، سـعد علي،وداخل ،سماء تركي ٢٠١٥ )) ، اتجاهات حديثة في تدريس اللغة العربيَّة، الدار المنهجية للنشر والتوزيع، ط١.

شهاب، منى عبد الصبور، (٢٠٠٤)، المدخل المنظومي وبعض نماذج التدريس القائمة على الفكر البنائيّ، المؤتمر العربي الرابع، مركز تطوير تدريس العلوم، جامعة عين شمس، مصر.

شواهين، خير سـليمان(٢٠١٤)، التعليم المتمايز وتصميم المناهج الدراسية، عالم الكتب الحديث،

اربد: الأردن.
عبد الباري، ماهر شعبان، (٢٠١٠)، استراتيجيات فهم المقروء- اسسها النظرية وتطبيقاتها العملية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
عبد الشهيد، عقيل رشيد (٢٠١٨)، فاعلية برنامج تعليمي قائم على أنماط التعلم في تحصيل طلبة كلية التربية الأساسية في مادة النحو واتجاههم نحوها، (اطروحة دكتوراه غير منشورة)، كلية التربية الأساسية، الجامعة المستنصرية، العراق.
عبيد، كوثر جاسم (٢٠٢٤)، اثراستراتيجيتي حلزون الفن والشجرة المثمرة في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية لدى طالبات الصف الخامس الادبي، بحث منشور في مجلة العلوم التربوية والنفسية، العدد (١٥٥) لشهر آذار.
العتري، خلف خليل (٢٠٠٨)، أثر استخدام استراتيجية التعلم التعاوني في تنمية بعض المهارات النحوية لدى طلاب الصف الاول ثانوي في الرياض، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة ام القرى، الرياض، المملكة العربية السعودية.
عدس، عبد الرحمن، وقطامي، نايفة (٢٠٠٢)، مبادئ علم النفس، ط٢، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
عطية، محسن علي(٢٠١٠)، أسس التربية الحديثة ونظم التعليم، دار المناهج والتوزيع، عمان، الأردن.
عطية، محسن علي(٢٠١٦)، التعلم أنماط ونماذج حديثة ، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
العفون، نادية حسين يونس وفاطمة عبد الأمير الفتلاوي (٢٠١١)، مناهج وطرائق تدريس العلوم ، ط١ ، دار الكتاب والوثائق ، بغداد ، العراق.
علام، صلاح الدين محمود (٢٠١٠)، علم النفس التربوي، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الأردن.
كريمة، رنجي، جاب الله سمية(٢٠٢١)، أنماط التعلم وعلاقتها بنتائج تلاميذ السنة الرابعة متوسط حسب مجموعات التوجيه، دراسة ميدانية ببعض متوسطات مدينة المياة، (مذكرة تخرج ضمن متطلبات بذل شهادة الماستر في علم النفس وعلوم التربية).
كوجك، كوثر حسين وآخرون (٢٠٠٨)، تنوع التدريس في الفصل (دليل المعلم لتحسين طرق التعليم والتعلم في مدارس الوطن العربي)، مكتبة اليونسكو الأقليمي للتربية في الدول العربية، بيروت، لبنان.
محمد، محمد جاسم (٢٠٠٤)، نظريات التعلم، ط١، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان.
مرعي، توفيق احمد، محمد محمود الحيلة(٢٠٠٢) ، طرائق التدريس العامة ، ط١، دار المسيرة

للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
الموسوي، دعاء علي عبد الكريم(٢٠٢٢)، اثر انموذج فارك(( Vark المستند الى أنماط التعلم في اكتساب المفاهيم النحويو لتلاميذ الصف الخامس الابتدائي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الأساسية، الجامعة المستنصرية.
سەرچاوە بیانییەکان:
٢nd ed),) ,L. Essentials of Educational measurement (١٩٧٢) Ebel, Robert .Engle weood Clilffs, W, J, frontiechall
?VARK How do I learn best :(٢٠١٩) .Fleming, N.D. & Boknwell, C.C ،١٥ edition (July ٢ ;A learner’s guide to improved learning, VARK Learn Ltd) .USA ، (٢٠١٩